# سرووشتی خودا چییە؟

(پەیدابوون ١: ١)

لەم وانەکاندا باسی چیرۆکی پێغەمبەرانی خودا دەکەین، یەك دوای یەك. پلانیشمانە ووردبینەوە لە نووسراوە پیرۆزەکان کەوا پێغەمبەران نووسیویانە، ئەمانە *ڕێگای ڕاستودروستی* ڕادەگەێنن کە خودا فەرمانی پێ داوە بۆ ئەوەی خەڵك لە بەرامبەر خودا وەك ڕاستودروست بژمێردرێن.

لە یەکەمی وانەکەمان، باسی نووسینەکانی پێغەمبەرانمان کرد. زانیمان کە ژمارەیەکی زۆری پێغەمبەران نووسراوی پیرۆزیان نووسیوە، بەڵام تەنها یەك دانەر هەیە. ئەویش خودایە. لە وانەی ڕابردووومان دا، لە لای بیرۆکەیێکی گرنگ ئێوەمان بەجێ هێشت. ئەویش ئەوە بوو کە: خودا قسەی کرد! خودا بۆ ئادەمیزاد قسەی کرد لە ڕێگەی پێغەمبەرانەوە و دەیەوێ هەر یەك لە ئێمە گوێ بیستی بین. خودا دەیەوێ لە ڕێگەی نوسینەکانی پێغەمبەرانەوە قسەمان لەگەڵ بکات. خودا هەرگیز ناگۆڕێ، ووشەکانیشی ناگۆڕێن. خودا لە هەموو نەوەیەکدا ووشەکانی خۆی پاراستووە. وشەی خودا...ناتواندرێت نووسراوەکە بشکێندرێت. (یۆحەنا ١٠: ٣٥) جیهان و هەوەسەکانی بەسەردەچن....بەڵام وشەی خوداوەند تاهەتایە دەمێنێ. (١ یۆحەنا ٢: ١٧ ، ١ پەترۆس ١: ٢٥) نووسراوە پیرۆزەکان ئاوا دەفەرموێت.

ئەمرۆ، دەچینە ناو بەشی یەکەمی نووسراوە پیرۆزەکان، کە پێی دەوترێ تەورات. خودا ئەم پەرتوکەی لە بیری پیاوێك چەسپاند کە ناوی موسا بوو. خودا فەرمانی بە موسا کرد کە چی بنووسێ موساش نووسی. نزیکەی سێ هەزار و پێنج سەد ساڵ تێپەڕیوە لە کاتی موساوە. تەورات پێك هاتووە لە پێنج پەرتوك، یاخود پێنج بەش. یەکەم پەرتوك بە (پەیدابوون) ناسراوە، و پێك هاتووە لە (٥٠) پەنجا بەش. ناوی نراوە پەیدابوون (واتا سەرەتا) لەبەر ئەوەی پێمان دەڵێت چی ڕوویدا لە سەرەتای هەموو شتێك.

زۆر گرنگە بە باشی پەرتوکی یەکەمی تەورات بناسین، چونکە ئەو بنەمایەیە کە خودا دایناوە، بۆ ئەوەی تێ بگەین لەوەی خودا دەیڵێ لە پەرتوکەکانی تری پێغەمبەرانی پاشتر. کاتێ کە ئەم پەرتوکە دەخوێنین، زانیاریەکانمان قووڵتر دەکەین دەربارەی زۆر ڕاستی گرنك. دەربارەی خودا و سروشتی خودا فێردەبین. دەربارەی فریشتەکان و شەیتان دەخوێنین و ئاسمانەکان و زەوی، ئاژەل و ئادەمیزاد. دەبینین کە چۆن گوناە هاتە دونیاوە و پەژارە و وێرانکارییێکی زۆری لەگەڵ خۆی هێنا. هەروەها بەووردی تەماشای ڕێگای ڕزگاری دەکەین کە پەروەردگار خودا دابینی کردووە بۆ ئەوەی گوناەکاران بتوانن بگەڕێنەوە لای خۆی و پەیوەندییێکی سەرسوڕهێنەری لەگەڵ ببەستن. لە چیرۆکەکانی یەکەمدا، خەڵکانی یەکەم ، گوناهی یەکەم و بکوژی یەکەم دەبینین. دەربارەی یەکەم ئاینی سەختە دەخوێنینەوە، پێغەمبەرانی یەکەم و گەلانی یەکەم. سەرنجی چیرۆکی ئادەم و حەوا دەدەین، هابیل و قابیل، نووح و لافاوەکە، پێغەمبەری خودا ئیبراهیم و بۆچی ناوی لێنرا دۆستی خودا. ئیسماعیل و ئیسحاق دەبینین، یاقوب و یوسف و برا خراپەکانی. پەرتوکی یەکەمی تەورات هەموو ئەمانە و زۆری تری تێدایە.

لە یەکەم پەرتوکی تەورات، بەشی یەکەم، ئایەتی یەکەم، ئەمە دەخوێنینەوە: لە سەرەتادا خودا ئاسمان و زەوی بەدی هێنا. (پەیدابوون ١: ١) ئالێرەدا دەبێت دەس بە وانەکەمان بکەین لە نووسراوە پیرۆزەکان، لەبەر ئەوەی خودا خۆی ئالێرەدا دەستی بە پەرتوکەکەی کردووە: لە سەرەتادا خودا ئاسمان و زەوی بەدی هێنا.

لەم ئایەتدا شتێك هەیە دەبێت بیری لێ بکەینەوە. ئایا ئەو شتەی کە پێش خودا هەبووە ئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە؟ ئایا چی هەبووە لە پێش دروست بوونی جیهان؟ نووسراوە پیرۆزەکان پێمان دەڵێت کە هیچ شتێك نەبووە جگە لە خودا. بۆیە دەڵێت: لە سەرەتادا....خودا. هەرشتێك کە ئێمە بتوانین ببینین و دەستی لێ بدەین سەرەتای هەیە. بۆیە، کاتی خۆی، زۆر لەمەوپێش، کاتێك هەبووە کە نە ئاسمانەکان و نە زەوی هەبووە، نە زەریا و نە دارودرەخت. لە سەرەتادا پێش ئەوەی خودا ئاسمانەکان و زەوی

دروست بکات، نە خۆر هەبوو نە مانگ و ئەستێرەکان. لە سەرەتادا نە ئادەمیزاد هەبوو نە فریشتەکان. کاتێك هەبووە کە هیچ شتێکی ناسراوی ئێستای لای ئێمە نەبوو— تەنها خودا نەبێت.

بۆیە لە یەکەم ئایەتی پەرتوکی یەکەمی نووسراوە پیرۆزەکان دەخوێنینەوە: لە سەرەتادا خودا ئاسمان و زەوی بەدی هێنا. نووسراوە پیرۆزەکان نافەرموێت: (لە سەرەتادا خودا و فریشتەکان) یاخود (لە سەرەتادا خودا و مرۆڤ). نەخێر! نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێت: لە سەرەتادا خودا. لە سەرەتادا، کاتێ هیچ شتێکی تر نەبوو، پێش ئەوەی فریشتەکان یاخود مرۆڤ بوونیان هەبێ... تەنها یەك هەبوو کە دەژیا. ئەویش خودایە!

لەم جیهانەماندا خەڵکانێك دەڵێن (خودا نابینم، بۆیە خودا بوونی نییە.) بۆ ئەو کەسانەی کە نکۆڵی لە بوونی خودا دەکەن هەندێ پرسیارمان هەیە. ئایا ئەو هەوایەی کە هەڵی دەمژی؟ قەت بات بینیوە؟ ناتوانی با ببینی، بەڵام بڕوات بە بوونی با هەیە چونکە دەبینی چی دەکات. دەبینی دارەکان چۆن دەجولێن بەهۆی باوە بەڵام بایەکە نابینرێ. ناشتوانی باکە بگری بەدستت بەڵام هەست بە شەماڵە فێنکەکەی دەکەی. خوداش ئاوایە، ناتوانین خودا ببینین، چونکە خودا بەچاوی مرۆڤ نابینرێت. بەهەرحاڵ، ئێمە دەزانین کە خودا بوونی هەیە چونکە دروستکراوەکانی خودا دەبینین. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: چونکە شتە نەبینراوەکان، توانا تاهەتاییی و خودایەتییەکەی، لە بەدیهێنانی جیهانەوە بەهۆی دروستکراوان درکی پێ کراوە و بە ڕوونی بینراوە، بۆیە بێ بیانوون. (ڕۆما ١: ٢٠)

شتێکی تر کە دەتوانین لە یەکەم ئایەتی تەورات فێر بین ئەمەیە: خودا سەرەتای نییە. خودا لە سەرەتا دروست نەبووە. خودا پەروەردگاری هەمیشەیی یە. هەموو شتێك کە لەم جیهانەدا دەیزانین و دەیبینین سەرەتای هەیە. بەڵام خودا سەرەتای نییە. خودا بنەڕەتی نییە. هاوتای نییە. تەنها ئەو بوونی هەبوو لە سەرەتادا. خودا لە دایك نەبووە. نە کەس دروستی کردووە و نەخۆشی خۆی دروست کردووە. بۆیە ئەمە لە نووسراوی پیرۆز دەخوێنینەوە، لە سەرەتادا خودا تەنها ئەو سەرەتای نییە. خودا تاکە کەسە کە هەمیشە بوونی هەبووە و تاهەتا دەمینێ. پەروەردگار خودای تاهەتاییی ناوەیەتی. شێوەی ئەمڕۆی چۆنە، دوێنێش وابوو. دوێنێ چۆن بوو، هەرواش دەمینێتەوە تاهەتا. خودا هەرگیز ناگۆڕێ.

شتێکی تر هەیە کە دەکرێ فێری بین لەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: لە سەرەتادا خودا ئاسمان و زەوی بەدی هێنا. ئەوش ئەویە کە خودا مەزنە! ئەو خودایەی کە هەموو شتێکی بەدی هێناوە زۆر مەزن ترە لە هەموو شتێك و هەموو کەسێك. پەروەردگاری بەدی هێنانە. بەڕاستی، پڕ بەدڵمانەوە ڕادەگەیێنین: (خودا مەزنە، هیچ هاوتات نییە!) خودا لە زەریاکانی جیهان ولە با ولە ڕۆژ ولە ئەستێرەکان مەزنترە! خودا داناتر و زۆر بەهێزترە لە هەموو ڕۆحەکان ولە هەموو کەسان. شایەنی شکۆداری یە تاهەتا! هەر وەك ئەو کەسەی کە خانوییێك دروست دەکات گرنگ ترە لە خانووەکە، بۆیە خودا بەرز و بڵندترە لە هەموو شتێك، لەبەر ئەوەی هەموو شتێکی دروست کردووە. خودا مەزنە! بەهێزی خۆی دەژێت. پشت بەهیچ کەسێك یان شتێك نابەستێ. خودا لە هەموو شتێك مەزنترە. پێویستی بە هیچ کەسێك یاخود شتێك نییە چونکە خۆی مەزنترین کەسە!

ئێمەی مرۆڤ پێویستیمان بە زۆر شت هەیە. هەموو ڕۆژ دەبێت هەناسە بدەین و بنووین، دەبێت ئاو و نان بخوێن. پێویستیمان بە خۆر و باران و نان و ئاو و جل و بەرگ و خانوو و دایك و باوك و برادەران و پارە و زۆر شتی تر هەیە. پێویستیەکانمان چەندن! بەڵام ئەو پەروەردگاری کە هەموو شتێکی بەدی هێناوە پێویستی بە هیچ نییە! برسی نابێ، توێنی نابێ، هەگیز ماندوو نابێ، جەستەی نییە وەك مرۆڤ، هەروەها سنوور و کۆتایی نییە. خودای تاهەتاتییە، خاوەن هەموو هێزێکە.

ئالێرەدا پرسیارێکی زۆر گرنگ. ئەگەر خودا وەك مرۆڤ نەبێت و جەستەی نەبێت وەك ئێمە، باشە خودا چۆنە؟ نووسراوی پیرۆز وەڵامێکی ڕوونی بۆ ئەم پرسیارە هەیە کە دەفەرموێت: خودا ڕۆحە و پێویستە ئەوانەی دەیپەرستن بە ڕۆح و ڕاستی بیپەرستن. (یۆحەنا ٤: ٢٤) خودا چۆنە؟ خودا ڕۆحە. مرۆڤ جەستە و ڕۆحە بەڵام خودا تەنها ڕۆحە. ڕۆحی خوداش سنووری نییە. لە هەموو جێگایێکە. خودا لە سەرووی هەموو شتێك و کەسێکە. هەموو شتێکیش پڕ دەکاتەوە، هەموو شتێکیش دەبینێ. شەو و ڕۆژ وەك یەکە

لای خودا. ئەگەر لە ژوورەکەت خۆت بشاریەوە، ئەوا خودا لەوێیە و دەتبینێ. خودا هەموو شتێك دەزانێ. بیر و نیازەکانی دڵت دەزانێ. خودا مەزنە!

خودا چۆنە؟ ڕەنگە بتوانین ئەوەی ئەمڕۆ خوێندمانەوە بەم شێوەیە کورت بکەینەوە: خودا بە هیچ کەسێك ناچێ. خودا خودایە و هاوتای نییە. لە وانەکانی داهاتووی وەرزی خوێندنمان *ڕێگای ڕاستودروستی* تێ گەیشتنمان زیاتر گەشە پێ دەدین دەربارەی کەسایەتی خودا. لە نووسراوە پیرۆزەکان خودا سەدان و سەدان ناوی هەیە. ئەو پەروەردگارە، بڵندترینە، بەتواناترینە، دروستکارە، نووسەری ژیانە، ڕووناکییە، ڕاستودروستە، پیرۆزە، میهرەبانە، خودای خۆشەویستیە، خودای زیندوو و ڕاستەقینەیە!.

لە ڕاستیدا، ئەو خودایەی کە ئاسمانەکان و زەوی لە سەرەتادا بەدی هێنا، خوداییکی مەزنە. نووسراوی پیرۆز دەربارەی خودا دەفەرموێ: ئای لە قووڵی دەوڵەمەندی و دانایی و زانیاری خودا.... چونکە هەموو شتەکان لە ئەوە و بە هۆی ئەوە و بۆ ئەوە. (ڕۆما ١١: ٣٣، ٣٦)

ئەوەی خودا لە کاتی دیاریکراو دەریدەخات - خودا، بەرەکەتدار و تاقە سەرۆک، پاشای پاشایان، گەورەی گەورەکان، تەنها ئەو نەمرە، لە ڕووناکی نیشتەجێیە و کەس لێی نزیک نابێتەوە، ئەوەی کەس نەیبینیوە و ناتوانێ ببینێت، بۆ ئەوە ڕێز و توانای تاهەتایی! ئامین. (١ تیمۆساوس ٦: ١٥، ١٦)

لە بەشێکی تردا، پێغەمبەری خودا موسا ستایشی خودا دەکات لە ستایشکردنێکی زۆر جوان و دەڵێت، (ئەی خوداوەند، خودای هەرە بە توانا کارەکانت گەورە و سەیرە! ئەی پاشای نەتەوەکان، ڕێگایەکانت ڕاست و دادپەوەرە. ئەی خوداوەند، کێ لە تۆ ناترسێت و ناوت شکۆدار ناکات؟ چونکە تۆ تاقە پیرۆزیت.) (ئاشکراکردن ١٥: ٣، ٤) خودا مەزنە بەبێ سنوور! وا ئەمە ئەوەیە کە ووشەی خودا لە یەکەم ئایەت فێرمان دەکات کاتێ کە دەڵێت، لە سەرەتادا خودا!


دەکرێ ئەو ڕاستییەی کە ئەمڕۆ خوێندنەبووین لە بیری خۆمانی بپارێزین: لە سەرەتادا خودا! تەنها خودا بوونی هەبوو لە سەرەتادا، بۆیە تەنها خودا دەتوانێ ڕاستی ئەوە ئاشکرا بکات کە لە سەرەتا ڕووی دا. تەنها خوداش دەتوانێ ڕاستی پاش مردنمان بۆ ئاشکرا بکات. تەنها خوداش دەتوانێ ڕاستی خۆی مان بۆ ئاشکرا بکات.

بەڵێ، دەزانین کە هەندێ خەڵك دەڵێن: (کەس خودا ناناسێ یاخود چی ڕوودەدات لە پاش مردن!) لەگەڵ ئەوەشدا، نووسراوەکانی پێغەمبەران دەڵێت کە دەتوانین خودا بناسین و دەتوانین بزانین لە کوێ تاهەتا دەمینێینەوە. لەبەر ئەوەی ووشەی خودا دەفەرموێ: ئەمانەم بۆ ئێوە نووسی کە باوەڕتان بە ناوی کوڕی خودا هەیە، تاکو بزانن ژیانی تاهەتاییتان هەیە....خودای ڕاستەقینە و ژیانی تاهەتاییە. (١ یۆحەنا ٥: ١٣، ٢٠) ئەوەی هیچ چاوێک نەیبینیوە، هیچ گوێەک نەیبیستووە و بە بیری مرۆڤدا نەهاتووە، ئەوەی خودا ئامادەی کردووە بۆ ئەوانەی خۆشیان دەوێت. بەڵام خودا بەهۆی ڕۆحی خۆی بۆی ئاشکرا کردین. چونکە ڕۆح هەموو شتێک دەپشکنێت، تەنانەت قووڵی ناخی خوداش. (١ کۆرنسۆس ٢: ٩، ١٠)

ئایا خودا لە نزیکەوە دەناسی؟ یاخود بەساکاری، خودا لای تۆ ئەو دروستکارەیە کە زۆر دوورە و ناناسرێ؟ خودا دەیەوێت بیناسی و لەگەڵی بیت هەتاهەتا! نووسراوە پیرۆزەکانی پێغەمبەران فێرمان دەکەن چۆن لەگەڵ خودا دا پەیوەندییکی نزیك و سەرسوڕهێنەر ببەستین. بەڵام دەبێت گوێمان و بیرمان و دڵمان بکەینەوە بۆ ئەو شتانەی خودا پێمان دەڵێت. خودا دەفەرموێ لە ووشە پیرۆزکەی: ڕوو لە من بکەن و ڕزگارتان بێت ئەی هەموو لاکانی زەوی چونکە من خودام و کەسی دیکە نییە. (ئیشایا ٤٥: ٢٢)

لە وانەی داهاتووماندا باسی بابەتێکی دڵفڕێن دەکەین، ئەوەش باسی فریشتەکان و شەیتانە. ئایا چیرۆکی ڕاستەقینەی شوێنی هاتنی ئەوان دەزانی؟

خوداش بەرەکەتی خۆی بخاتە سەرتانەوە کاتێ کە دەڕواننە ئەم ئایەتە مەزنەیەوە لە نووسراوە پیرۆزەکان کە دەفەرموێ: خودا ڕۆحە و پێویستە ئەوانەی دەیپەرستن بە ڕۆح و ڕاستی بیپەرستن. (یۆحەنا ٤: ٢٤)



پێویستە ئەوانەی دەیپەرستن بە ڕۆح و ڕاستی بیپەرستن

## گرنگترین پرسیارەکان بۆ ئەم وانەیە:

١. ئایا ئەو شتەی کە پێش خودا هەبووە ئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە؟

٢. ئایا چی هەبووە لە پێش دروست بوونی جیهان؟

٣. ئایا ئەو هەوایەی کە هەڵی دەمژی؟ قەت بات بینیوە؟

٤. ئەگەر خودا وەك مرۆڤ نەبێت و جەستەی نەبێت وەك ئێمە، باشە خودا چۆنە؟

٥. ئایا خودا لە نزیکەوە دەناسی؟ یاخود بەساکاری، خودا لای تۆ ئەو دروستکارەیە کە زۆر دوورە و نەناسرێ؟

٦. ئایا خودا شایەنی شکۆداری نییە کە هەموو شتیکی بەدی هێناوە؟

٧. سیفەتەکانی خودا شکۆدار چیی؟

ڕێگای ڕاست و دروستی:
وەرزی خوێندنەوەی کتابی پیرۆز (٢٠١٦)

Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011

بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای ڕاستوبروستی
rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org

ئەم خوێندنەوە لە {*The Way of Righteousness* by Paul Bramson, 1998} بەخەش کراوەتە.